# (ژن و مارکسیزم) ژنان و شۆڕش- ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار

**بە پێنووسی: میریام مارتین / ڤانکۆڤر**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەحمود محەمەد عوسمان**



ڕەوتە فێمینیستەکان هەوڵیاندا بۆ ئەوەی 8 مارت تەنها ببێتە ئاهەنگێکی ئاسایی و دووربێت لە ناوەڕۆکە سیاسییەکەی بۆ ڕەگەزی ژنان، لەبەر ئەوەی ژنان کۆمەڵەیەکی هاوتەریبن. بەڵام لە ڕوانگەی سۆسیالزمەکان و ژنانی کرێکار، 8 مارت بە ڕۆژی کۆکردنەوەی هێز دادەنرێت.

لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی دووەمدا بۆ ژنانی سۆسیالزم لە ساڵی 1910کە لە کۆبناهگن بەسترا، لەسەر پێشنیاری کلارا زیتکن بڕیاردرا کە ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی ژنان دابنەن، بۆ ئەوەی ژنان ئامادە بکەن بۆ خەبات دژ بە دەسەڵاتی بورژوازی.

لە بەدبەختی لیبراڵەکان و میانڕەوەکان و هاوشێوەکانیان، ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار ڕۆڵێکی تایبەتی بۆ دەستنیشانکرا، بەتایبەتی ساڵی 1917، لەم ڕۆژەدا شۆڕشی فبرایری ساڵی 1917 ی ڕووسی لەسەرەتاوە بە مانگرتنی ژنانی کارگەی چنین دەستپێیکرد، بە فراوانی ژنان دەستیانکردە خۆپیشاندان و بەرەو بارەگای ( دۆما) ڕۆشتن بۆ داواکردنی نان. ئەم توێژە( کە چەوساوەترین و مەینتدارترین توێژی ناو چینی کرێکارن) بانگەوازی مێردەکانیان و براکانیان دەکردن بۆ پەیوەستبوون بە ڕۆژی جیهانی ژنان( 23 فبرایر بە گوێرەی ڕۆژمێری کۆن)، بە گوێرەی قسەی ترۆتسکی 90.000 کرێکار پەیوەست بوون بە مانگرتنەکەوە ( ترۆتسکی ، مێژووی شۆڕشی ڕووسیا)، لە ڕۆژانی دوای ئەوە ئەم ژمارەیە زۆرتر بوو، جەماوەر داوای نان و وەستاندنی شەڕ و ڕوخانی قەیسەر و پۆلیسان دەکرد. ئەمە سەرەتای شۆڕشی ڕووسیا بوو.

یەکسانی داوایەکی دەستبەچێی مارکسیزمەکانە و لەو کۆمەڵە سەرتاییانە کە تێروانینی سۆسیالزمیان هەبوو، لە سەدەی 17 لە ئینگلترا کۆمەڵێک هەبوو بە ناوی ( یەکسانیخوازان). ناوی خۆیان نابوو یەکسانیخوازەکان و ئامانجیان نەهێشتنی ئەو جیاوازییە زۆرە بوو کە لە سامان و خاوەندارییەتی کە لە ناو کۆمەڵگە هەبوو_ بە دابەزینی ئاستی گوزەرانی کەمایتییەکی بچووک کە لە ئورستوقراتییەکان و چینی برژوازی تازە پێکاهتوو و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی زۆرینە بۆ پلەیەک کە خەویان پێوە نەدەبینی، بە گوێرەی قسەی لینین لە قسەکردنێکیا لە ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار لە ساڵی 1920( سەرمایەداری زەواجە لە نێوان یەکاسانییەکی ڕووکەشانە و لە نێوان نایەکسانییەکی ئابوریانە و پاشان کۆمەڵایەتییانە).

ئەو یەکسانییەی کە شۆڕشی بورژوازی فەرنسا ئیدعای دەکرد، جگە لە یەکسانی تێرەکان و برسییەکان، و یەکسانی لە نێوان خاوەندارییەتی هۆکانی بەرهەمهێنان لە گەڵ ئەوانەی کە بێ بەشن لێی، شتێکی تر نەبوو، لە کاتێکدا دروشمی ئازادی جگە لەوەی کە هێزی کارت هەراج بکەیت وئیستغلالت بکەن لە پێناوی بەدستهێنانی قازانج، هیچی تر نییە. نایەکسانی ژن و پیاو یەکێکە لە دیاردە زۆر ڕۆشنەکانی نایەکسانی کە کۆمەڵگەی لەسەر بونیاتنرا و پشتی پێ دەبەستێت.

ئەگەر بە پراکتیک بمانەوێ بەڕاستی ئەو نایەکسانییە لە کۆمەڵگەدا نەهێلین، پێویستە ڕوونیبکەینەوە بۆ ئەم نایەکسانییە بوونی هەیە؟ لە کوێوە هاتووە و چۆن دەپارێزرێ؟ و ئەوەی پێوەندی بە مەسەلەی ئازادی ژنانەوە بێت، دەبێت پشت بە هیچ بیروبۆچونێک نەبەستین کە ژنان بە نزمتر دادەنەن لە پیاوان لە ڕووی لەش و نەفسیەوە. لە واقیعدا وێڕای ئەوەی کە ژنان منداڵیان دەبێت و لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان  ژنان کاری سەخت ئەنجامدەدەن، بەڵام تەمنیان لە پیاوان درێژترە..  ژنان لە ڕووسیای قەیسەری بە باشتردادەنران لە سواری ئەسپەکان بۆ ڕاکێشانی بارهەڵگرەکان لەبەر ئەوەی کرێکەیان کەم بوو!!!.

تائێستاش ( لەڕووی سیاسییەوە ڕاستە) لە ڕوانگەی نوێنەری ژنانی هەڵبژێردراو  ولە کاتی گفتوگۆ لە سەندیکاکەکان یان حزبییەکان، ئەو کاتەی کە گفتوگۆکە توند دەبێت، هەڵدەستن بۆ ئەوەی بڵێن( پێویستە لەسەرمان هێور ببینەوە، ئەم کەش وهەوایە شایەستەی ژنان نییە) وەک ئەوە وایە کە گفتوگۆ و حەماسەت ژنان بترسێنێت، بۆیە پێویستە دوور بخرێنەوە لە سیاسەت چونکە ( بوارێکە تایبەت بە پیاوانە). بەڵام بۆ گاڵتەجارییەکی چارەنووسانە باشترین قسەکەر و بەرزترین دەنگ و ڕۆشنترین قسە لەم هەموو چاوپێکەوتووانە( گەرمە) بە گشتی خودی ژنان بوو.

## ژنان لە بزافی کرێکاراندا.

ئاشکرایە کە چالاکی ژنان کەمە لە ڕیزەکانی بزافی کرێکاران و حیزبەکانیان، کاتێک کە مەسەلەکان جدی دەبن، و هەرکاتێک مەسەلەکە پێوەندی بە نانی ڕۆژانەوە هەبێت و بەرهەمێکی هەبێت،  جارێکی تر ژنان بە چڕی بەشداری دەکەن. یەکەم بزافەکانی فێمینیستی لیبرالییەکان ( بزافی  suffragettes ی  بەناو بانگ) خەباتی کرد لە پێناوی مافی شەرعی ژنان  لە بەشداری ژیانی سیاسی و کارکردن لەدەرەوەی ماڵ. بەڵام جیاوازییەکەی ئاشکرا دیاربوو لە نێوان باڵی ژنانی کرێکار کە گۆرانی ئاڵای سووریان دەچڕی لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا و ئەم مافەیان تەنها بە هەنگاوی یەکەم دادەنا، و لەنێوان ژنانی باڵی لیبرال کە لەبیریان چووبوو  ژنانی چینی کرێکار بە بەردەوامی کاری ناوماڵ و دەرەوەیش دەکەن. ئەوەی پێوەندی بە ئەندامانی برژوازی لیبراڵیەوە هەبێت ئەوەیە کە بەشداریکردن لە سیاسەتدا و کارکردن لەدەرووەی ماڵ تەنها ئەوە دەگەیەنێ بە ئاسانی دەتوانن ژنانی چینی کرێکار بەکرێ بگرن بۆ ئەوەی کاری ناوماڵیان پێ بکەن و منداڵەکانیان بەخێوبکەن، چونکە ئەمە مەسەلەکان ئاسانتر دەکات.
بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسیدا کەمترە لە ژمارەی پیاوان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لە سیاسەت دەترسین یان  لەبەر ئەوەی ئێمە توانامان نییە، بگرە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە سەرقاڵی ملیۆنەها ئەرکین و ئەم ئەرکانە کۆمەڵگەی چینایەتی دایسەپاندووە بەسەرماندا، بە بێ ئەوەی بەرامبەری کرێ وەرگرین. ئەم ڕوونکردنەوە ماتریالیزمانە بۆ هۆی بەشداریکردن یان بەشدارینەکردنی ژنان لە سیاسەتدا، زۆرتر ڕۆشن دەبێتەوە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین.
چینی کرێکار تاکە چینە کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگەی هەیە، هەروەها تاکە چینە کە کاتی کەمی هەیە بۆ بەشداری لە چالاکی سیاسی و سەندیکاکان، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە چالاکی ڕێکخراوەکان دەرئەنجامێک بەدەستەوە نەدات. لە کاتێکدا 8 کاتژمێر تا 12 کاتژمێر کارێکی سەخت دەکەن لای خاوەنکارەکانیان، کرێکارانی پیاوان و ژنان بە باشی دادەنەن ئەو ماوە کەمەیان کە بەدەستەوەیە لە نێو خزم و منداڵەکانیان و بەرامبەر تەلەفزیۆن بەسەربەرن. لە جیاتی ئەوەی برۆن بۆ کۆبوونەوەی حیزبی یان سەندیکایی. زۆربەی ئەو خەڵکەی کە چالاکن لە کاری پەرلەمان و سەندیکاکان لە قۆناغەکانی ناشۆڕشگێرانە، زۆربەیان برژوازی بچووکن، یان قوتابی و لاوان و بیرۆقراتییەکان و سەندیکاییەکانن یان ئەندامانێکن کە موچەیان بەرزە. بەڵام بنکە فراوانەکەی چینی کرێکار بەگشتی نوێنەرایەتیان نییە تا دەرئەنجامێکی مەلموس لە بەشدارییەکانیان بەدەسەت بهێنن، ئەگەر دەرئەنجامی هەبێت ئەوا دەچنە ناو چالاکی سیاسی و دەست دەکەن بە گەڕانەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییە تەقلیدییەکان. ئەمە ئەو ڕووداوەیە کە زۆرجار دەیبینین و دووبارە دەبێتەوە لە سەردەمانی شۆڕشدا، و ژنانی چینی کرێکار ڕۆڵێکی حاسمیان هەیە لەمەدا.

## نایەکسانی لە کوێوە دێت؟

ئەکادیمیزمە فیمینیستەکان مەسەلەی نایەکسانی( نەک تەنها لە ڕووی ڕەگەزییەوە بگرە ئەپارتایت و هەموو جۆرەکانی جیاوازی) دەگەڕێنەوە تەنها بۆ هێزێکی خۆڕسکانە کە پێ دەڵێن بەتریریک، کە پیاوانی سپی کۆدەکاتەوە وەک کۆمەڵێکی بەختەوەر و یەکسان و هاوتەریب دژ بە ئەوەکانی تر لە ناو کۆمەڵگە. ئەم حجەیە هیچ شتێک ڕوون ناکاتەوە. زۆربەی چینی باو لە سایەی سەرمایەداریدا لە پیاوانی سپی پێکدێن، ئەمە ڕاستە. و هیچ گومانی تێدا نییە کە ژنانی چینی کرێکار لە ژێر چەوسانەوەیەکی دوو لایەدان، و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ( ڕەشپێست و زەردپێست و ئەسمەر) و کەمایەتییە ئەتینەکان و ئەوانەی کە نوقسانن بە نزمترین توێژ دەژمێرین لە نێو چینی کرێکار و هەژاراندا. بەڵام ئەگەر ئەم نایەکسانییە تەنها لەسەر ئەساسی ڕەگەز و ڕەنگی پێست شیبکرێتەوە، ئەو ڕاستییە شیناکاتەوە کە ژنانی چینی کرێکاری هەموو ئەتینییەکان، ئەوەندە خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ براکانیان لە پیاوانی چینی کرێکار، زۆرتر لەوەی کە لەگەڵ تاتشەر یان کۆندریا رایس هەیانبێت. ئەمە بەئەنقەست پشتگوێدەخرێ بە بەردەوامی، تەنها ئیستراتییجیەتی جیاوازی گونجاو نییە بۆ یاری فیدۆ، ئەمە ئەو ئیستراتیجییەیە کە بە بەردەوامی چینی دەسەڵاتدار بەکاری دەهێنێت بۆ دوورخستنەوەی زانینی هۆی ڕاستەقینەو دۆزینەوەی دوژمنی ڕاستەقینە کە سەرمایەیە.

لە خۆشبەختی، شیکردنەوەو نایەکسانی دژ بە ژنان بوونی نییە لە باوەری ئەم ڕۆحە دڕندانەی بەتریریک، کەوا لە هەموو پیاوان دەکات مەیلێکی خڕسکیان هەبێت بۆ ملکەچکردنی ژنان. نایەکسانی تەنها لە کۆمەڵگەی چینایەتییدا سەریهەڵدا، بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی مامۆستاکانمان کە دەیانەوێت باوەڕ بەوە بهێنین کە سەرمایەداری هەر لە ئەزەلەوە هەبووە و تا دونیا دونیایە دمێنێتەوە، لەسەرەتاوە کۆمەڵگە دابەش نەکرابوو بە سەر دوو چێندا کە یەکێکیان هۆکانی بەرهەمهێنانی هەبێت و ئەوەکەی تر هیچی نەبێت. مانفیستی کۆمۆنیست( دوای بەندە گرنگەکە کە پەیوەستە بە شەبەحی کۆمۆنیستی بەسەر ئەوروپادا...) بەم شێوەیە باسی دەکات:(( مێژووی هەموو کۆمەڵگەکان تا ئێستە، مێژووی کێشمەکێشی چێنایەتییە)) ( مارکس ئەنجلس 1948). ئەنجلس لە پێشەکییەکەی بۆ چاپە ئینگلیزیەکە نووسی 1888،( هەموو مێژووی نووسراو).

پێش نزیکەی 8،000 ساڵ( 1000 زۆرتر بێت یان 1000 کەمتر بێت) گۆڕانکارییەک ڕوویدا کە چارەنووسی کۆمەڵگەی تا هەتاهەتایە گۆڕی. ئەم گۆڕانکارییە پێ دەڵێن شۆڕشی نیولیتیک، کە دەرگای بەرامبەر تەکنیک و زانست و فەلسەفە و هونەر و ئەدەب کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی خاوەندارییەتی تایبەت و دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینەکان_ سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی نایەکسانی. هۆی ئەم گۆڕانکاریە توندوتیژە، سەرهەڵدانی زێدەبایی بوو لە ئەنجامی دۆزینەوەی توانای کشتوکاڵکردن و توانای بەخێوکردنی ئاژەڵەکان و بەماڵیکردنیان. هیچ گران نییە زانینی ئەم زانیارییانە و مەعلومە ئەم دۆزینەوە ئەنجام و کارتێکردنی زۆری هەبوو بە بەراوردکردنی لە گەڵ کۆکردنەوەی دانەوێڵە و شکارکردن بە شێوەیەکی سەخت کە دوای ئاژەڵە زلەکان دەکەوتن و دار و بەردیان بەکار دەهێنا بۆ کوشتنیان. جاران تاکە کەس ڕۆژانە کاتێکی زۆری دەکوشت بۆ بەهەرمەندبوون لە نزمترین بژێو لە پێناوی مانەوە ( ئەمەش بە بەردەوامی جێبەجێ نەدەبوو، بۆیە لەبرسا بە کۆمەل دەمردن ) ئێستە توانای بەرهەمی زۆریان هەیە. و ئەو شەڕانەی کە لەنێوان خێڵە نزیکەکانی یەک ڕووی دەدا، بۆ یەکەم جار توانرا کۆیلەکان بەخێوبکەن لەو زێدەیی کە دەستیان دەکەوت لە ئەنجامی کشتوکاڵدا، ئەمانەش دەستیان دەکرد بە کشتوکاڵ بەڵام خاوەنەکانیان کارێکی تریان دەکرد_ وەک زانست و ڕۆشنبیری. بە چاوی خۆمان ئەمە دەبینین_ گرنگترین پەرەسەندن کە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی، شان بەشان لەگەڵێدا سیفاتی دڕندایەتی هێنا.

پێش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، لە ڕێگەی شکار و کۆکردنەوەی بەرووبوم خۆراکیان دەست دەکەوەت، و ژنانیش بە بەردەوامی خەریکی منداڵ درووستکردن و بەخێوکردنی منداڵان بوون، لە شوێنی حەوانەوەیان کاریان دەکرد و ئەو بەربوومانەیان کۆ دەکردەوە کە بەکەڵکی خواردن دێت(( یەکێک لە هەر بیروباوەڕە بێفەڕەکان کە موفەکرینی سەدەی 18 پشتیان پێ دەبەست ئەوەیە لە سەرەتای کۆمەڵگەدا ژن کۆیلەی پیاو بووە ))،( ئەنجلس بنەڕەتی خێزان و خاوەنداریەتی تایبەت و دەوڵەت).

له ڕاستیدا یەک خێزانی بوونی نەبوو ( باوک و دایک و منداڵەکانیان ( شەرعی )). و مەسەلەیەکی عەمەلی نەبوو، چونکە هەوڵدان بۆ مانەوە وای دەخوازت کە هەموو پێکەوە لە یەک شوێندا بژین و پێکەوە کار بکەن. ژن ئەرکی بەڕێوبردنی ماڵی لە ئەستۆکردبوو لە کۆمەڵگەی کۆمۆنەی سەرەتاییدا، مانای دەسەڵاتی ئافرەت بوو لە کۆمەڵگە. لە کاتێکدا دەزانرا کێ دایکی مناڵەکەیە، بەڵام نەدەزانرا کێ باوکێتی، لەبەر ئەم هۆیە دیاریکردنی ڕەچەڵەک لە ڕێگەی دایکەوە بوو و ژنیش پلەیەکی ڕێزداری هەبوو. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژیان بۆ ژنان ئاسان و خۆش بوو ( یان بۆ پیاوان). بیهێنە پێش چاوی خۆت ژیانێکی بێ کارەبا و بێ ئامێری شت شۆشتن و دیارینەکردنی ژمارەی منداڵان و خۆ نەپاراستن لە نەخۆشی و نەبوونی دەرزی و دەرمان. هیچ شتێک ئەوەندە سەخیف نییە کە هەندێ لە سروشت پەرستەکان بانگەوازی ئەوە دەکەن کە پەرەسەندی تەکنەلۆجیا دڕندەیەکی ڕاستەقینەیە لە جیهانماندا و دەڵێن دەبێت (بگەڕێنەوە بۆ زەوی) و بۆ ژیانی کۆمۆنەی سەرەتایی. بە پەیوەست بەژنانەوە، ئەو زێدە باییەی کە لە ئەنجامی زیاد بوونی بەرهەم هاتەکایەوە، بووە هۆی کۆتایی بە چێگەوڕێگەیان لە ناو کۆمەڵگەی دایکایەتی. کشتوکاڵ، پیاوانی ڕزگارکرد لە شکارکردن بەڵام ژنان هەر بەردەوام بوون لە منداڵ بەخێوکردن و شەونخوونی بەدیاری منداڵەکانەوە. ئەو فایزەی کە لە ئەنجامی کشتوکاڵەوە هات، بووە مولکی پیاوان، بۆ یەکەم جار ئەم پرسیارە کرا، کێ خاوەنی سامانەکەیە؟ دابەشبوونی کار لە نێوان ژن و پیاودا وەک خۆی مایەوە بەڵام پێوەندییەکانیان سەرەوژوور بوو. لە واقیعدا مانەوەی ژنان لە ماڵەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان لە کۆمەڵگەی دایکایەتی، پلەوپایەیەکی بەرزی دابووە ژنان_ ئەمە وایلێکردن کە بەشدارنەبن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ودابەشکردنی ساماندا. لە بەر ئەوەی ئێستە هەندێ بوونە خاوەنی سامان، کەوابوو دەتوانن لە خەڵکێکی تر زۆرتریان هەبێت.

چی ڕوودەدات پاش مردنی ئەو پیاوەی کە خاوەنی سامان و خاوەنی کۆمەڵی کۆیلە بوو ؟ بۆ ئەوەی ئەو خاوەندارییەتە بگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی، پێویست بوو بزانرێ کێ باوک منداڵەکەیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پیاوەکە تەنها ژنێکی بۆ خۆی دیاری دەکرد و تەئکید بووایە کە لەگەڵ کەسی تر سیکس ناکات و هەروەها شەریفە و گوێڕایەڵیشە، تا دوایی. و ئەو کاتەی کە چینی باو ئاینی میلی هەڵبژارد، بەشێوەیەک کاری دەکرد کە ئەم مەسەلانە دەزانێت. خێزان لەسەر زەواجی تاک دروست بوو و کێشە درووست بوو لە نێوان باوکێکی زاڵ و ژنێک کە دەبوایە بیزانیبا کێ باوکی منداڵەکەیەتی ( ڕەچەڵەکی خێزان( ئەنجلس) بەتایبەتی بە فراوانی ئاماژە بەمە دەکات).

## بنەمای سەرمایەداری لەسەر نایەکسانیە و دژ بە ژنانە.

فۆرییە کە سۆسیالیزمی تەوباوی( خەیاڵی) فەرەنسی بوو وتی: جێگەوڕێگەی ژنان لە کۆمەڵگە ئاماژەیە بۆ تەندرووستی کۆمەڵگە و پەرەسەندی. ( ئەمە دەستەواژەیەکە کە بەربەردەوامی مارکسیزمەکان بەکاریان دەهێنا). ئەو کاتەی پرسیاریان لە شاژنی جوانی جیهانی کرد ساڵی 2004 و( شاژنی جوانی ئوستۆرالیای پێشوو) دەربارەی چی سەردەمێک بە باشی دادنێت بۆ ژیان و ئەو ڕەگەزە کامەیە کە تۆ هەڵیدەبژێریت؟ بە شانازییەوە وتی:( لەسەرمە ئەوە بڵێم کە من ئەم سەردەمە بە باشترین سەردەم دادەنەم چونکە هەموو ئازادییەکمان هەیە، و ڕەگەزی مێ هەڵدەبژێرم چوون زۆر شتیان هەیە بیڵێن لەم کۆمەڵگەی ئێستاماندا) زۆربەی ژنان لە جیهاندا ئارەزووی ئەوەن کە ژینایێکی ئاسان و سادە بەسەر بەرەن وەک ژیانی ئەم نازدارە ئوستورالییە گێلە. ژنان 70% هەژارانی جیهان پێکدەهێنن، لە کەندا لە نێو 5 ژندا یەکێکیان هەژارە، 56% لە ژنان هەنووکە بە تەنها ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکانیان لە ئەستۆیە و لە ژێر هێڵێ هەژاریدان، هەروەها

وەزعی 49% لە ژنانی تەنها و بێ هاوسەر و تەڵاقدراوە بەتەمنەکان، هەمان ژیانی سەخت بەسەر دەبەن. هەموومان ئامارەکان دەزانین.
یەکسانی بە شێوە ناشرینەکەی لە سایەی سەرمایەداریدا، مانای وایە سەرمایەدار توانای هەیە کە نیوەی کرێ بدات بە کرێکارەکانی، چونکە بەخێوکردنی خێزان تەنها ئەرکی پیاو نییە. و دەستکەوتە یاساییانە کە ژنان بەدەستیان هێنا لە رۆژئاوادا، کاری نەکردە سەر کەمکردنەوەی ئیشی ناوماڵ. و بەهەمان شێوە سەرمایەداران کاری منداڵان بەکاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان. لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایەدا و لیرە لە کەندا ( لە کۆلۆمبیا بەریتانی یاسا ماوە دەدات کە منداڵان لە تەمەنی 12 ساڵیەوە دەتوانن کار بکەن) دەبێت هەموو خێزانەکە کار بکەن بۆ ئەوەی پێویستییەکانیان دابین بکەن... دروشمی( دەستکەوتەکان بۆ ژنانە) لە واقیعدا تەنها لە بەرژەوەندی سەرمایەدارانە.
کاربەدەستان کەمترین کرێ دەدەن بە کرێکاران بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان، ئەگەر کرێ کەمەکە دابەش بکرێت بەسەر 3 یان 4 کەس لە ئەندامانی خێزانەکە، مانای وایە سێ جار یان چوارجار کاریان دەست دەکەوێت بەڵام بەرامبەر هەمان کرێ.

## هەموو شتێک پێوەندی بە کرێی نەدراوەوە هەیە.

سەرمایەداری سستمێکە کە چاوچنۆکانە بەدوای قازانجەوەیە، و ئەو چاوچنۆکییە رۆڵ دەبینیت لە فراوانکردنی بازاڕ و کەمکردنەوە خەرجی. لە جیهانێکی سنووردارردا، کەمکردنەوەی خەرجی مانای وایە هێرشکردنە بەسەر کرێکاران و لێدانی هێزی کڕیاریانە کە ئەمە دەتوانرێ مەزنترین ڕووبەڕووبوونەوەبێت. لە خۆشبەختی چینی باو، بەشێک لە کاری جیهانی بە خۆرایی پێشکەشیان دەکەن، مەبەستم کاری ناوماڵە و پەروەردەکردنی منداڵانە. هەڵبەتە ئەساسێک هەیە بۆ ئەم وشەیە کە ئەم کارە گرنگترین کارە ئەنجام دەدرێت، و دابەشکردنی لە نیوان خێزاندا بە نامۆترین ڕیگە دادەنرێت و زۆر کارکردەی نابێت و لۆژیکیش نییە. باشتر وایە کە ئەو ئەرکە بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵگە، زۆر لە کارەکانی ناوماڵ دەتوانرێ لە ڕێگای ئامێرەکانەوە ئەنجام بدرێت وناکرێت بەهیچ شێوەیەک بەسەر مرۆڤدا بچەسپێت.
بەڵام ئەمە پێویستی بە بەکارخستنی سەرمایەیەکی زۆرە کە سوودی نەبێت لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە، کە ملیۆنەها دۆلار لە بەرهەمی ڕەنجی چینی کرێکارەوە دەڕواتە گرفانی کەمایەتییەکی مشەخۆر... دانانی ئیشی ناوماڵ وەک ئەرکێک بسپێرێ بە کۆمەڵگە و کارێک بێت بەرامبەر کری، لە سایەی سەرمایەداریدا ئیمکانی نییە. سەیری قەوارەی ئەو کێشانە بکەن کە ڕووبەڕووی کەنەدا دەبێتەوە لە ئەنجامی هەوڵدانی بۆ جێبەجێکردنی بیمەی تەندرووستی منداڵاندا، ئەوەندە کەمە کە جێگەی شەرمە!! بیهێننە پێشچاوی خۆتان کە داوا لە سەرمایەدارە گەورەکان بکەین بۆ ئەوەی دەست بکەنە گرفانیاندا و پارە دەربهێنن بۆ ئەوەی کرێ ئیشی ناوماڵ بدەن کە ژنان هەموو ڕۆژێ بە خۆرایی ئەنجامی دەدەن. ئەمە ئەو خەوە خەیاڵاوییەی سۆسیال دیموکراسییەکانە کە بە نیەتێکی پاکەوە دەیلێن وئەمەیە ئەو پلانەیان دەربارەی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە و یارمەتیی دارایی بۆ خێزانە کرێکارییەکان، بەڵام ئەمە جێبەجێ ناکرێت.
مارکسیزمەکان بە بەردەوامی ئەوەیان ڕوونکردەوە کە یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا نایەتەدی تا ژنان توانای ئەوەیان نەبێت کە بەشدارییەکی تەواویان بێت لە بەرهەمهێنان و بەڕێخستنی کۆمەڵگە، و ئەمەش جێبەجێ نابێت تا کۆیلایەتی ناوماڵ لەناونەدەن- تا ئەو کاتەی کە ئیشی ناوماڵ و پەروەردەی منداڵان نە بێتە کارێک بەرامبەر کرێ کە لە ئەستۆی ژنانی گۆشەگیرە لە ناو خێزانەکانیاندا و لە ناو ماڵیاندا. ترۆتسکی ئەمە شی دەکاتەوە لە ( ژنان و خێزان) و دەڵێت:( گۆڕینی بارودۆخی ژنان لە ڕەگەوە تەنها بەوە دەبێت ئەگەر هەموو هۆکانی کۆمەڵایەتی و خێزان و ماڵ بگۆرێت) لە کاتێکدا کە ئەکادیمیزمە فێمینیستەکان هاوار دەکەن بۆ

هەوڵدانیان لە درووستکردنی( بارێکی گونجاو بۆ ژنان) گرنگ ئەوەیە کە تەرکیز بکەین( ئێمە) بە ئاگابین بۆ بنبڕکردنی ئەم سستەمە بۆگەنە کە ناتوانێت یەکسانی جێبەجێ بکات.

پلانی ئابووری سوودی هەیە بۆ ژنان.

هەرچەندە ستالین بووە هۆی دارمانی شوورەوی، بەڵام زۆرێک لە دەستکەوتە گرنگەکان جێبەجێ بوو لە سەردەمی ئەودا. کارکردی پلانی ئابووری و ئەو بەرهەمهێنانە مەزنە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو بوو، و بەتایبەتی باشبوونی بارودۆخی ژنان کە نکۆڵی لێ ناکرێت. و پاشگەز بوونەوە لەم دەستکەوتانە دوای ڕوخانی شورەوی نیشانەیەکی ترە. ( لە وڵاتێکی نیمچە دەربەگایەتی و نەخوێنەوار لە ساڵی 1917، شوورەوی ئابووریەکی هاوچەرخانە و پەرەسەندنی هەبوو، سێ یەکی زانایانی جیهانی هەبوو و سستمێکی تەندرووستی و پەروەردەی هەبوو کە یەکسان بوو یان بەرزتربوو لە گەڵ هەر سستمێکی ڕۆژئاوادا، و توانای هەبوو کە یەکەم مانگی دروستکراوی هەبێت و یەکەم مرۆڤی نارد بۆ فەزاء) لە ماوەی 50 ساڵدا یەکێتی شوورەوی بەرهەمی ناوخۆ سەرتاییەکانی 9 جار چووە سەرەوە!!! میزانییەکی هاوسەنگی هەبوو و فائیزێکی کەمی ساڵانە.... هیچ حکومەتێکی ڕۆژئاوایی نییە ئەم دەرئەنجامەی جێبەجێ کردبێت) لە سەردەمی قەیسەر، یاساکان ماوەیان دەدا کە پیاوان لە ژنەکانیان بدەن، ژنان لە ڕوانگەی یاساوە تەنها بۆ ئیشی ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵانن و ( لە هەندێ ناوچە دیهاتییەکاندا ژنان ئیجبار دەکران کە حیجاب بپۆشن و خوێندن قەدەغە بوو بۆیان ). شوورا بە شێوەیکی خێرا زنجیرەیەک لە یاساکانی دارشت بۆ ئەوەی ژنان یەکسان بن ( لە نێویدا مافی جیابوونەوە و لەبارخستن و وەرگرتنی کرێ لە کاتی منداڵبوونی، یەکسانی لە کرێ. هەروەها چەمکی منداڵانی نا شەرعی نەهێشت ) لەگەڵ ئەمەشدا لینین وتی: ئەمە بەس نییە. لە ساڵی 1919 بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بڵاویکردەوە( حیزب تەنها بە یەکسانی ژنان لە ڕووی یاساییەوە ناوەستێت، بەڵکو خەبات دەکات لە پێناوی ڕزگاریان لە ئیشی ناوماڵ ودرووستکردنی خانووی میلی و چێشتخانە میلی و شوێنی گشتی و دایانیش.

حکومەتی شوورەوی هەر لە سەرەتاوە ( لە قوتابخانەکاندا بەخۆرایی خواردنی دابەش دەکرد و شیری دابین دەکرد بۆ منداڵان و بەتایبەتی دابینکردنی خواردن و پۆشاک بۆ منداڵانی بێ دەرامەت) – ناوەندی ڕاوێژکاریان درووست کرد بۆ ڕێنمای دووگیانەکان و ناوەندی دایان و هەروەها هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی جادو کە بە بابۆشکات ناسراوبوو( ئەمانە ژنانێکی بەتەمەن بوون وبۆ چەند جارێک هاوسەرەکانیان لەدەست دابوو، جێگەیان نەبوو لە کۆمەڵگەی قەیسەری، بۆیە ناچار بوون لە سەر جادو بژین لە دەوربەری دێهاتەکان). بەشێوەیەکی چاوڕوان نەکراو و بە هۆی باشبوونی سستمی تەندرووستی لە حەفتاکاندا، ناوەندی ژیان لە 30 ساڵەوە لەسەردەمی قەیسەری بووە 74 ساڵ. بە هاتنی ساڵی 1971، باخچەی ساوایان ئامادە بوو بۆ لەباوشگرتنی 5 ملیۆن منداڵ و 49% لە قوتابیانی خوێندنی باڵا ژنان بوون( ئەو وڵاتانەی کە لە جیهاندا ڕیژەی ژنان لە خوێندنی باڵا 40% بوو، ئەمانە بوون (فینلەندا و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکان ).

هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە لە سایەی یەکێتی شوورەوی جێبەجێ کرا، بە ڕوخانی شوورەوی ئەوانەش نەمان.( ئەوروپا ئەم دارمانەی بە خۆوە نەبینیەوە لە سەردەمە تاریکەکانی دوای ڕوخانی ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانیەوە کە ئینهیارێکی ئابووریانەی بوو،).

60% ئابووری ڕوخا لە نێوان ساڵی 1990 تا 1997. کەسانێک بێکار بوون کە توانای کاریان هەیە ( کە سەرمایەداری پشتی پێدەبەستێت) ئەمە کێشەیەکی نا یاسایی بوو بۆ یەکێتی شوورەوی و هەرگیز بوونی نەبوو. کەسانی بێ شوێنی حەوانەوە بوونی نەبوو، بەڵام ئێستە ئەم دوو دیاردەیە وەک مووشەک بەرز دەبێتەوە. نەدانی کرێ و موچە، بەرزبوونەوەی نرخ، هەژارییەکی بێ وێنە کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئەلکحولیست.( نامۆیی لەوەدایە کە جێگەی باوەڕکردن نییە، 150 ملیۆن ڕووسی بە قەد 280 ملیۆن لە ساڵانی

هەشتاکاندا فۆدگا دەخۆنەوە سالآنە. ئەمە بووە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی توندوتیژی لە ناو خێزاندا.(( لە ساڵی 1993، 14،000 ژنی رووسی کوژران چی لەلایەن هاوسەرەکانیان بێت یان هاورپیکانیان و ئەم ژمارەیە 20 جار زۆرترە لە ولاتە یەکگرتووەکان). تاکە ڕیگا بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ ژنان لەزەت فرۆشتنە ( هەڵبەتە ئەوانەی کە شەنسیان هەیە)، دەوڵەمەندە رۆژئاواییەکان ئەمانەیان دەکرِی، دەگەرِێتەوە بۆ ئەوەی کە  توانای ئەوەیان نییە  هاوسەر پیکبهێنن.

## سۆسیالزم پشت بە خەباتی ژنان دەبەستێت.

ئەو دەستکەوتانەی کە لە سایەی سستمی ئابووری شوورەوی پلانی بۆ دانرا، ئەو توانا مەزنەمان بەدەستەوە دەدات کە دەرگامان بۆ دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی لە سستمی سۆسیالزمیی راستەقینەدا، بە ئابوورییەکی پلان دارێژراوی دیموکراسیانە، ژنان بە شێوەیەکی دیموکراسییانە بریاردەدەن لەسەر هەنگاوەکان چی بێت؟.. بەشداری کردنی ژنان لە بەرهەمهێنان و رێکخستنی کۆمەڵگە، مەسەلەیەکی گرنگە بۆ بونیاتنانی سۆسیالیزم. لینین و هەموو مارکسیزمەکان ئەوەیان سەلماند(  خاوەنداریتی عەقاری بوونی نییە و نە سەرمایەدار و نە بازرگان هەن، حکومەتی گەلی کرێکار ژیانێکی نوێ درووست دەکەن بە بێ ئیستغلال، ژنان و پیاوان یەکسانن بەرامبەر یاسا. بەڵام ئەمە بەس نییە(...) ئێمە دەمانەوێ ژنانی کرێکار  یەکسان بن لە گەڵ پیاوانی کرێکار نەک تەنها بەرامبەر یاسا، بەڵکۆ لەواقیعی ژیاندا. بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی، دەبێت ئافرەت شوێنێکی بەرزی هەبێت لە بەرێوبردنی ئەو کۆمپانییانەی کە خۆماڵیکراون و لە بەرێوەبردنی وڵاتیش ) ( لینین بۆ ژنانی کرێکار، ساڵی 1920.دەربارەی ئازادی ژنان). دوای ماوەیەک ستالین بانگەوازی دەکرد کە ژنان لە شوورەویدا مافی یەکسانی تەواوەتیان هەبوو لەگەڵ پیاواندا. بەڵام بە بیروقراتیکردنی دەوڵەت بووە هۆی لەناوبردنی هەموو بەشدارییەکی کرێکاران ولە ناوبردنی بەشداری ژنان لە بەرێوبردنی دەوڵەتدا. هەرچەندە  ئەو هەموو دەستکەوتانە جێبەجێکرا، بەڵام بانگەوازەکەی ستالین زۆر دوور بوو لە راستییەوە بە پەیوەست بە ژنانی شوورەوی و تەنها بووە هۆی زۆرتر ئیستغلالیان.
 مەسەلەی دابینکردنی یەکسانی بۆ ژنان، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە روانگەی مارکسیزمەکانەوە. بە گوێرەی قسەی لینین:( پرۆلیتاریا ناتوانێت ئازادی یەکجارەکی بەدەست بهێنێت ئەگەر ژنان بە تەواوەتی ئازاد نەبن). بەڵی با گرنگییەکی تایبەت بدەین بە خەباتی رۆژانەی  ژنانی چینی کرێکار. با گرنگی بە گفتوگۆ بدەین لەگەڵیان و سووربوونیان بەهێزبکەین، با کار بکەین بۆ هاندانیان لە بەشداریی چالاکانە لە ژیانی سیاسیدا. با روو بکەینە سەندیکاکان بۆ خەبات لە پێناو دابینکردنی کرێی ئیشی ناوماڵ و کرێی پەروەردەی منداڵان و بیکەینە ئەرکێکی گشتی و دەبێت خەبات بکەین و بە شیلگیرانە بووەستین بەرامبەر هەر جیاوازییەکی رەگەزی و ئەتینی و هەموو شێوەیەکی دیار لە کۆمەڵگەی چینایەتییدا. ئەرکی سەرشانمانە بەبەردەوامی روونی بکەینەوە کە لەسایەی سەرمایەدارییدا هیچ چارەسەرێکی جێگیر نییە. تا سەرمایەداری و کۆمەڵگەی چینایەتی بوونیان هەبێت، ناتوانرێت ئەم کێشانە لەرەگەوە چارەسەر بکرێت. ئەو کاتەی سەرمایەداری قۆناغی گەشەکردنی ئابووری بە خۆوە دەبینی دەتوانرا چەند جۆریک لەدەستکەوتەکان جێبەجێ بووایە، بەڵام ئێمە ئێستە لە قۆناغی دارمانێکی درێژخایەن و دارمانی سەرمایەدارییداین.  بۆیە نەک هەر ئەم دەستکەوتانە بوونیان نامێنێت بگرە لە واقیعدا بەرەو خراپتر دەچێت. بۆیە بە فێروو بردنی توانا سیاسییەکانمان بۆ هەوڵدانێک کە لە سایەی سەرمایەداریدا جارەسەرێک ببینین، جگە لە کوشتنی کاتێکی بەنرخ شتێکی تر نییە!
ژنان خەبات دەکەن و دەبێت خەبات بکەن، بەڵام خەباتەکەیان لەسەر بنکەیەکی چینایەتییە شان بەشانی هاورێیانیان لە پیاوان، و ئەم خەباتانە لە پێناوی داواکرییەکی عەمەلییە. ئاشتی، زەوی، نان. و ئەوکاتەی کە شۆرشێک سەردەکەوێت، ئاستەکەی وەک ئاگرێک وایە کە لە ناو پووشدا بڵاو بێتەوە. ئیتر سەرەتای کۆتایی خێزانی بورژوازی دەبێت. ئیتر کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵان تەنها لە ئەستۆی ژناندا نابن وەک ئەمرۆ

دەبینین کە ڕووبەڕووی زۆربەی ژنان بووەتەوە،  بەڵکۆ ئەوەی کە هەڵدەستێ بەم جۆرە کارانە، باخچەی ساوایان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە بودجەی بەرز و بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام دەدرێت لە سایەی سستمێکی داڕێژراو. بەم شێوەیە منداڵ دروستکردن دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی بەختەوەری، ژنانیش کاتی تەواویان دەبێت بۆ خوێندن و بەشداری تەواو دەکەن لە بەڕێوبردنی کۆمەڵگەدا. تەنها بەم شێوەیە دەتوانین جیاوازی ڕەگەزی و نایەکسانی نەبینین،